یاداشتی داواکاری تەکنیکارانی صیانەی کارەبا

بۆ بەڕێز/ سەندیکاری تەکنیکارانی ئەندازەیی کوردستان- دەستەی باڵا

ب/ داواکاری تەکنیکارانی صیانەی کارەبا

وەکو ئاشکرایە تەکنیکارانی صیانەکانی کارەبا بەشێکی گرنگی بەڕیوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبا پێکدەهێنن، بەهەموو واتایەك ئەم تەکنیکارانە توانای کارکردنیان هەیەو شەوو رۆژیان خستۆتە سەر یەك بۆ رووناك راگرتنی ماڵەکانمان، هەر لەم پێناوەشدا زۆربەیان بەهاری تەمەنیان بۆ خزمەتکردنی نیشتمان تەرخانکردووە.

لەگەڵ رووخانی رژێمی بەعسدا وە هاتنەسەرکاری حکومەتی نوێی عێراق، کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕ کراوە لە سیستمی مووچەدا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لەئەنجامی ئەم ئاڵوگۆڕەدا زۆربەی تەکنیکارانی خوارەوە سوودمەند نینو مووچەیەکی کەمیان بۆ دەردەچێت، کە ناتوانرێت گوزەرانی خۆیانو ماڵو منداڵیانی پێ ببەنەسەر، واتە هیچ جۆرە دەرماڵەیەك بۆ تەکنیکاران خەرج ناکرێت، کە دیارە دەرئەنجامی ئەم حاڵەتەش مامەڵە نەکردنیانە بەپێی نیزامی کار، بۆ زیاتر روونکردنەوە سەرنجتان بۆ ئەم داواکاریانە رادەکێشین، بەهیوای جێبەجێکردنیان:

1-سەرفکردنی دەرماڵەی خواردنو نەقڵی تەکنیکاران بۆ سەر کارو گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە.

2-سەرفکردنو زیادکردنی دەرماڵەی کاتژمێری زیادە لە (600) دینارەوە بۆ (1500) دینار بۆ یەك کاتژمێر بۆ هەموو مانگێك.

3-بەخشینی زەوی بە تەکنیکاران لەسەربنەمای تواناو لێهاتوویی، وە کەمکردنەوەی خاڵەکان بۆ (15-20) خاڵ، وە حەقی بەشەری تەکنیکارانی صیانەکان رەچاوبکرێت.

4-جیاوازی نەکرێت لەنێوان تەکنیکارانی ژنو پیاودا لەڕووی مادیو مەعنەوییەوە.

5-سەرفکردنو زیادکردنی دەرماڵەکانی: أ/ختورە (30٪)، ب/تەناوب (25٪)، ج/میهەنی (30٪).

6-سەرفکردنو زیادکردنی دەرماڵەی خێزان بۆ (50000) دینار، وەجیاوازی بکرێت لەنێوانی ژنی ماڵەوە لەگەڵ ژنی فەرمانبەردا، وە هەروەها سەرفکردنی دەرماڵەی منداڵ (25000) دینار بۆ یەك منداڵ.

7-سەرفکردنی دەرماڵەی رۆژانە بۆ ئەو رۆژانەی پشووی رەسمییە لەبەرئەوەی تەکنیکارانی صیانەکان بە (تەناوب) دەوام ئەکەن.

8- دەوامی صیانەکان لە سێ وەجبەوە بکرێت بە چوار وەجبە، وە دەوامی هەر وەجبەیەکیش (24) کاتژمێربێت.

9-دۆزینەوەی رێگەیەك بۆ دروستکردنی کادری فەنی زیاتر لەئێستا بۆ باشتر بەڕیوەبردنی ئیشو کارەکانی صیانەکان.

1-صیانەی پارکی ئازادی/ 2-صیانەی ئەزمەر/ 3-صیانەی رزگاری/ صیانەیشەهید/ 5-صیانەیمەڵکەندی/ 6-صیانەی صناعی/ 7-صیانەیمامەیارە/ 8-صیانەیسرچنار